کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-9-2007 0:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**چونکە ئاقڵ بوو.. لەمەودوا گوێ لە گۆرانیبێژ ڕۆژ کەریم دەگرم ... موحسین جوامێر**

لە دوائەڵقەی بەرنامەی گەنجینەی کوردستان ـ تیڤیدا کە بۆ گۆرانیبێژ ڕۆژ کەریم تەرخان کرابوو، لە نێوبرێکدا چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ بنەماڵەیەکی دهۆکی کە کێژۆڵەیەکی جوانکیلەیان لە ڕووداوێکدا بە خۆ و بە خوشکی ـ کە کۆچی کردبوو ـ ئاگریان تێبەربووبوو؛ پیشان دا.. دیمەنێکی پرکارەسات و دڵتەزێن، خەمئاوەر و بەردتاوێن.. ئەوەی سەرنجراکێش بوو، بەرێز پێشکەشی بەرنامە، بانگەوازی بۆ یارمەتیدان و فریاکەوتنی ئەو کچە نازدارە سووتاوە، بە ناردنی پارە و پیتاک، دەکرد و بۆ ئەمەش وێستەربانقی دەستنیشان کرد، بۆ تەحویلکردن.

کوڕە کوردی لاو کاک ڕۆژ کەریم وەڵامێکی زۆر ئاقڵانەی دایەوە، وتی: " هەر چەندە دەنگم دەخەمە پاڵ ئەم بانگەوازە، بەڵام چارەی ئەم حاڵەتە لە پێشتردا لە ئەستۆی دەوڵەتە، نەک لەدەرەوە یارمەتیی بۆ کۆ بکرێتەوە. ! ". بەڕاستی بەندەش کە ئەم لەقتەیەم سەرنج دایێ، هۆیێکم لە خۆ زانی.. ئاخر ئێمە لە وڵاتێکی هەژاری ئەفریقادا ناژین، کە بەدەگمەن توانا و دکتۆری تێدا دەست کەوێت و مرۆڤ کەوتبێتە نێوان مردن و ژین. قاتی، سێ شارەکەی هەولێر، سلێمانی و دهۆک کە وەختە بڵێم ـ ئێواران ـ ژمارەی دکتۆران لە شەقامەکانیاندا لە ژمارەی نەخۆشان زێدەترە، ئاخۆ دختۆرێک یان دختۆرانێک ئامادە نین جگەرگۆشەیەکی ئاوا لە ڕاهی خوا یان ـ کوڕە ـ لە ڕاهی خۆیان، چارەسەر بکەن؛ بەر لەوەی لەتەلەفزیۆندا پڕۆپاگەندە و دەرۆزەی بۆ بکرێت. ؟!

هەر خوا و مرۆڤی هەست ناسک دەزانن جگەری دایک و باوکی ئەو کیژە دەلالە سووتاوە، چۆن بووەتە سووتماک و چەند پەرێشانن، هەروەک لە سیمایاندا دەتخوێندەوە.. ئەی داخوڵا کچە نازدارەکە، بەو شێوەنوێیەی، چ هەستێک لە دەروونیدا گینگڵ دەخوا و چۆن لەبەر ئاوێنەدا لە خۆی دەڕوانێ، دەتریقێتەوە و دەرەوێتەوە، لەوە گەرێ بەیانی چۆن لەلایەن منداڵی کاڵفام و بەسروشت قسەلەڕووی گەڕەک و قوتابخانەوە؛ پێشوازیی لێی دەکرێت و ئەویش خۆی دەشارێتەوە. ؟

ئاخۆ کێ خەمێک ـ وەلێ خەمێکی گەورە ـ لەو کچە دهۆکییە و سەدان کێژۆڵەی نازشێواوی دیکەی وڵاتەکەم کە جوانی و شۆخی یەکەم داخوازییانە لە ژیاندا، دەخوا. ؟ ئایا وەکوو وڵاتانی پێشکەوتوو کە ڕەنگبێ هێندێکیان لە کوردستان دەوڵەمەندتر نەبن، بیر لە بەرنامە و پلانێکی تۆکمەی ئەوتۆ ناکەنەوە بۆ ئەوەی فریای ئەو حاڵەتانە بکەون و لە هەموو لایەکەوە بۆی لەسەر پێ بن، نەبادا منداڵێکی چاوکاڵ وەک چۆن ئێستەی سووتا؛ داهاتووشی بسووتێ. ؟ بەتایبەتیش، چونکە زۆربەی ئەو ڕووداوانە لە بێسەروبەری و گەندەڵی؛ سەرچاوەیان گرتووە.

جارێکیان لە ڕەفیق حەریریی ڕەحمەتییان پرسی، داخوڵا حەزی لە دەنگی کام گۆرانیبێژە، ئەویش وتی من جەماعەتی ئوم کەلسووم و فەرید ئەترەشم، لە تازەکان بێبەشم.. ئەوجا، منیش هاوڕێ لەگەڵ ئەوانەی حەریریدا؛ هەوادار وهۆگری نەسرین شێروان، ڕەسوڵ گەردی، تایەر تۆفیق، سێوێ، مریەم خان، ماملێ، ڕەزازی، حەسەن گەرمیانی، تەحسین تاها، حەسەن سیساوەیی، حەمەجەزا، هۆمەر دزەیی، نازم غەزالی، داخیل حەسەن، حەیدەرەکەچەڵ، عارەب عوسمان و مشکۆ م، لەوانەیە بەزەحمەت لەگەڵ دەنگخۆشانی نوێ ڕابێم و بە ڕێگەدا بڕۆم.. وەلێ بەڵێن دەدەمە ڕۆژ، لە بەر خاتری دوو قیزە نازدارە سووتاوەکەی دهۆکی دەلال، لەمەولا لەپاڵ گۆرانییەکانی خالد ڕەشیدا ـ ئای کە خۆشن! ـ گوێ لە گۆرانییەکانی ویش بگرم، وەلێ خەماوییەکان و ئەوانەی بەکارەسات کۆتاییان دێ.. چونکە لە هەڵوێستکەیدا ئاقل بوو. !

03/09/2007

mohsinjwamir@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.